# تۆڵە بە وێنە

نوسینی: دارا بینایی
Binaee3@yahoo.com

چەند ساڵێك بەرلەئێستا لەوەرزی خەزانی گەڵاکان، لەیەکێك لەشارۆچکەکانی ئەم کوردستانە، لاوێکی خوێن گەرمی دڵ پڕلەهیوا، پاش هەوڵدان و ماندو بوونێکی زۆر بەری ڕەنجی چەندین ساڵەی خوێندنەکەی چنییەوە و لەیەکێك لەفەرمانگە حکومییەکان ناوی هاتەوە...

شەماڵی لاو و گەشبین، تەمەنی تازە گەیشتبووە(25)ساڵی، بەم بڕیاری دامەزراندنەی گەلێك دڵخۆش بوو، هەربۆیە ئێوارەکەی وەك مژدانە یەك، هەواڵی دامەزراندنەکەی خۆی گەیاندە ئەندامانی خێزانەکەی خۆی ،ئەوانیش لەگەڵ دەربڕینی خۆشحالیاندا،پیرۆزبایی ئەم دامەزراندنەیان لە شەماڵ کرد.

بۆ ڕۆژی دواتر شەماڵ لەفەرمانگەکەیدا دەست بەکاربوو، گەرچی شە ماڵ بەم دامەزراندنەی گەلێك دڵخۆش بوو، بەڵام چونکە یەکەم جاری بوو، هەستی بەترس و شەرم ئەکرد، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەك، ئەوترس و شەرمەی شەماڵ بەرە و کەم بوونەوە و نەمان دەچوو، تائەو ڕادەیەیی بەتەواوی لەسەر کارەکەی ڕاهات و بووە ئەندامێکی ڕۆح سوکی ئەو فەرمانگەیە و چەندین کەسی نوێی ناسی و بونەهاوڕێی.

بەر لەدامەزراندنی بەتایبەتی لەدواهەمین قۆناغی خوێندنەکەیدا، شەماڵ چەندجارێك لەلایەن کەس و کاریەوە پێشنیاری ژنهێنان دەخرایە بەردەمی، بەڵام ئەو بەبیانوی خوێندنەکەیەوە دەیویست پرۆسەی ژنهێنانی دوابخات بۆ دوای تەواو کردنی خوێندنەکەی. هەربۆیە دوای دامەزراندنەکەی، بیرۆکەی ژنهێنانی لەلاگەڵاڵە بوو، ئەو دەیویست کەسێك بکاتە هاوسەری ژیانی کەلە زۆر ڕووەوە لەخۆ یەوە نزیك بێت، بۆ ئەوە جگە لە شیلان، کەسی تری شك نەدەبرد. شیلان کچە فەرمانبەرێکی هەمان فەرمانگەکەی شەماڵ بوو، ئەم چەند مانگێکی کەم پێش شەماڵ دامەزرابوو، لەتەمەندا تەنها دووساڵ لەشەماڵ بچوکتربوو، هەڵسوکەوتە جوانەکانی و شێوازی جل وبەرگ و مامەڵەی نەرم ونیان و ڕووخۆشی و زەردەخەنەکانی سەرلێوی، تەواو سەرنجی شەماڵی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو، گەرچی ژووری کارکردنیان جیاواز بوو، بەڵام بەحوکمی کاری نێو فەرمانگەکە هاتوو چۆکردنی نێو ژوورەکان ئاسایی بوو، هەرئەمەش وای کردبوو شەماڵ تارادەیەکی باش شیلان بناسێت و ئاشنایەتی‌یەکی بەرامبەری هەبێت وجۆرەهەستێکی خۆشەویستی لەلادروست ببێت، شیلانیش لەلای خۆیەوە هەستی بەوە کردبوو کە شەماڵ لەمامەڵەی ڕۆژانەیدا جۆرە گرنگیەکی تایبەتی پێدەدات، بەڕادەیەکی وا دەورو بەریان هەستیان پێدەکرد، ئەمەش وای کردبوو هەندێ لە فەرمانبەرەکان ئەمەیان بەشتێکی ئاسایی نەدەبینی و بەردەوام دەنگدانەوەی جۆر بەجۆریان بۆ دەکردو دەیان وت شەماڵ و شیلان شتێکیان لەژێر سەردایە، ئیرەییەکی زۆریشیان بەم دووانە دەبرد، هەندێکی تریشیان بەشێوەیەکی ئاسایی لێیان دەڕوانی و بەمامەڵەی ڕۆژانەی نێو فەرمانگەکەیان دادەنا.

ڕۆژێکیان شەماڵ چووە پێشەوە و هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ شیلان دەربڕی و پێشنیاری هاوسەرداری خستە بەردەمی، شیلانیش داوای مۆڵەتی لێکرد بۆ ئەوەی بەوردی بیری لێبکاتەوە.

سەرئەنجام دوای ماوەیەك شیلان وەڵامی شەماڵی بەئەرێ دایەوەو پێخۆشحاڵی خۆشی بۆ ئەو پێشنیارە نیشاندا، چونکە شیلانیش لەوماوەیەدا تائاستێکی باش شەماڵی ناسی بوو، شێوازی هەڵسوو کەوتەکانی بەدڵ بوو، دوابەدوای ئەمە ئەم دووانە کەوتنە گفتوگۆیەکی چڕوپڕ، لەسەر زۆر خاڵ ڕێکەوتن، کارەکانیان بەرەو تەواو بون دەچوو، ئاسۆی بەیەیەکگەیشتنیان هێدی هێدی نزیك دەبووەوە، ئالەوکاتەدا دەستێك هات و بە پەشیمان کردنەوەی شیلان، هەموو هەوڵەکانی شەماڵیان پوچەڵکردەوەو شکستیان بەو پرۆژەیەی هێنا...

ئەو دەستەکێ بوو؟..

**ئەوە دەستی کەسێکی پلان گێڕو حەسودو رەشبین بوو، ئەوکەسە پلان گێڕو حەسود و رەشبینە کێبوو؟**

**ئەوە شنۆ بوو..**

**ئەی باشە شنۆ کێیە؟..**

**شنۆ قەیرە کچێکی ئەو فەرمانگەیە بوو کەشەماڵ و شیلان دەوامیان تێدا دەکرد، کەسێك بوو لەهەموو شتێکی ژیانی خۆی بێزاربوو، زۆر رەشبینانە لەداهاتوی خۆی دەڕوانی، ئەو بەڕواڵە هەمیشە دەم بەپێکەنین بوو، بەلاّم لەناخەوە کەسێتیەکی روخاوبوو ئیرەییەکی زۆری بەشیلان دەبرد و بەچاوێکی ناحەزانەوە دەیڕوانیەئەو.**

**رۆژێك فەرمانبەرێکی پیاو کە لەهەمان فەرمانگە دەوامی دەکرد، لەگەڵ شنۆ خەریکی قسەو گفتۆ بوو ئالەو میانەدا دێتە سەرباسی شەماڵ و شیلان و پێدەڵێت ماوەیەکی زۆرە هەستمکردووە ئەم دووانە پەیوەندیەکیان لەنێواندا هەیە، بڕوام وایە ئەم پەیوەندیە**

**سەردەکێشێت بۆ بەهاوسەربوونیان و هەربەوشێوەیە کۆتایدێت.**

**ئەم قسەیە وەك و هەورەبروسکە دەیدات لەشنۆو رای دەچڵەکێنێت بۆیە زۆر خەم دای دەگرێت هەستی بەبێزاری و بێتاقەتیەکی زۆر دەکرد، بەتایبەتی کاتێك لەو پیاوەوە بیستی ئەم دوانە نیازیان وایە لەگەڵ یەك ژیانی هاوسەرێتی پێك بهێنن.**

**شنۆ کەوتە پلان دانان بۆ ئەوەی نەهێڵێت ئەو دووانە بەمەرامی خۆیان بگەن، چونکە خۆی کچەو تەمەنی لەسی و پێنج ساڵ تێپەڕی کردووەو هێشتاش نەچۆوەتە ژیانی هاوسەرێتیەوە.**

**رۆژێك شنۆ بەمەبەستی بەجێهێنانی پلانەکەی بەرەو ئەو ژوورە بەرێدەکەوێت کە شیلان لێی دادەنیشێت، لەوێ دەستدەکەن بەقسەکردن سەرەتا باسی هەندێك لە کێشەکانی رۆژگارو قسەی دنیایی دەکەن، پاشان شنۆ رودەکاتەشیلان و دەڵێت: ماوەیەکی زۆرە هەستدەکەم ئاسایی نیت، من پێشتر بەم شێوەیە تۆم نەدەبینی ئێستا بەشێکی زۆری کاتەکانت بەبیرکردنەوە بەسەردەبەیت لام وایە گیرۆدەی کێشەیەکبویت یان ئەگەر بەهەڵەدا نەچم تۆو شەماڵ بەنیازی شتێکبن، ئایا ئەگەر پێت ناخۆش نیە ئەتوانی لەوبارەیەوە شتێکم پێبڵێیت؟**

**شیلانی دڵپاك و بێئاگا لەوەی بەرامبەرەکەی پلانێکی بەدەستەوەیەونیازی خراپە، بۆیە لە روانگەی دڵسۆزی خۆیەوە دەڕوانێتە شنۆی هاوڕێی. جا ئەوەی لەنیوان**

**خۆیی وشەماڵدایە بۆ شنۆی باس دەکات بەو هیوایەی ئەم باسکردنەی بێتە هۆی کارئاسانی و باشتر بەرێوەچونی ئەو پرۆژەیەی کەلەنێوان خۆی و شەماڵدایە،بەتایبەتیکە شنۆ زیاد لە دە ساڵ لە خۆی بەتەمەنترە، هەر بۆیە لەشنۆ دەگەیەنێت کەنیازوایە لەگەڵ شەماڵدا ژیانی هاوسەرێتی پێك بهێنێت.**

**ئالەوکاتەدا شنۆ دەکێشێت بەرومەتی خۆیداو بەشلان دەڵێت: بەڕاستی تۆبەدەستی خۆت ژیان لەخۆت تاڵ دەکەی لەگەڵ کەسێکدا ژیانی هاوسەرێتی پێکدێنیت کەژیانت بەرەو دۆزەخێك دەبات کەنازانیت دەرئەنجامی چی دەبێت و دەرباز بوونیشی لێی زۆر مەحاڵە، ئیتر شنۆ تابۆی دەکرێت لەبارەی شەماڵەوە قسەدەکات و وێنەیەکی ناشیرینی لێدروستدەکات، بەڕادەیەك شیلانی ساویولکەو خۆش باوەڕ، هەرزوو باوەڕی پێدێنێت و لەو بریارەی داویەتی سارد دەبێتەوەو هەموو ئەو رێکەوتنەی لەگەڵ شەماڵدا لەبارەی دروستکردنی ژیانی هاوسەریەتیکردبووی هەڵیدەوەشێنێتەوە، بەکورتی لەبرِیاری ژیانی هاوسەربون لەگەڵ شەماڵ پەشیمان دەبێتەوە....**

**ماوەیەك بوو شەماڵ هەستی کردبوو شیلان وەکو جاران نییە بەڵکو ئێستا زۆر ساردوسڕە بەردەوام کاتەکانی لەگەڵ شنۆدا بەرێدەکات هەتا بۆی بکرێت خۆی لێدەدزێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەبوو تانەتوانێت قسەی لەگەڵدابکات.**

**سەرئەنجام شیلان شەماڵ لەوەئاگاداردەکاتەوە کەئەو مەسەلەیە لەبیرخۆی بەرێتەوە! چونکە ئەم لەلای خۆیەوە کۆتایی پێهێناوە،بەبێ ئەوەی هۆکاری کۆتایی پێهێنانەکەی بۆ روون بکاتەوە.**

**ئەم هەڵوێستە کتوپڕەی شیلان خەمێکی قوڵی خستەدڵی شەماڵەوەو توشی ئازارێکی دەروونی زۆری کرد، هەستی دەکرد**

ئەمە دەستێکی تێکدەری تێدابووە، کەهانی شیلانی داوە لەوبڕیارەی داویەتی پەشیمان بێتەوە بەردەوام گومانی بۆ شنۆدەچوو چونکە ئەوچەندرۆژەی رابردوو هەمیشە پێکەوەبون بەلاّم ئەوەی بەلای شەماڵەوە زۆر ناخۆش بوو ئەوەبوو ئەم هەواڵە بەنێو فەرمانبەرانی فەرمانگەکەدا بلاّوبووەو ئازارێکی زۆری شەماڵیان دەدا.

شەماڵ سەرەتا بەشیلانی وتبوو ئەم مەسەلەیە لای کەس مەدرکێنە تائەوکاتەی یەکلادەبێتەوە ئەگەر گەیشتینە ئەنجام ئەوا باشە ئەگەر بەپێچەوانەشەوە سەری نەگرت ئەوکاتە بەبێدەنگی وازی لێدێنین، هەربۆیە فەرمانبەرەکان هەریەکەو لەلای خۆیەوە بەشێوەیەك قسەیان لەسەر ئەومەسەلەیە دەکرد، لەپاش ماوەیەکیتر شەماڵ لەو فەرمانگەیە خۆی گواستەوە بۆ فەرمانگەیەکی تر چونکە حەزی بەو شوێنە نەدەکرد بەتایبەتی کەچەند کەسێك پلان و خیانەتیان لەدژ ئەنجام دا.

دوای ئەوەی شەماڵ خۆی گواستەوە، شیلان وەکو رۆژانی تر دەوامی خۆی دەکرد، هەموو شتەکان بەشێوەی ئاسایی بەرێوەدەچوون، بەلاّم لەگەڵ تێپەربونی رۆژ شیلان هەستی بەبێزاری بێتاقەتی دەکرد، وەکو رۆژانی تر زەردەخەنەو رووە خۆشەکانی لێنەدەبینرا، شنۆش وەك ئەو ماوەیەی پێشوو نەدەهات بەلایدا بۆیە شیلان هەستی بەپەشیمانی یەکی زۆر دەکرد بەوەی بەبێ هیچ بیرلێکردنەوەیەك هەرلەخۆڕا لەسەرداوای شنۆ پەشیمان بووەوەو کۆتایی بەهەموو شتێك هێنا، لەکاتێکدا دەیزانی شەماڵ زۆر بەراستی دڵسۆزی ئەو بوو حەزی دەکرد ئەو پرۆژەیە سەربگرێت.

چەند رۆچێن بوو شیلان لەسیمایدا بێزاری و غەمباری لێبەدی دەکرا بەرادەیەك هاورێ فەرمانبەرەکانی هەستیان پێدەکرد لەسەروی هەمووشیانەوە شنۆ.

شەماڵ لەفەرمانگەیەکی تازە دەست بەکاربوو پاش ماوەیەکی تر ژنی هێنا. تەنها دوای چەند رۆژێك ئەم هەواڵە گەیشتە شیلان ئەویش بەبیستنی ژنهێنانی شەماڵ تاساو خورپەیەك دای لەدڵی تەواو بێهیوابوو، بێهیوابوو لەوەی جارێکی تر شەماڵ بێتەوەو داوای ئەو مەسەلەیەی لێبکات کەبەفیتی شنۆ سەری نەگرت، هەربۆیە دنیایەك رقی بەرامبەر شنۆ لەدڵ گرتبوو.

رۆژێك لەنێو فەرمانگەکەدا شیرینی بەخشرایەوە هەرفەرمانبەری کچ و ژن بوو دەچوون پیرۆزبایی خۆیان لەشنۆ دەکرد و ئەم لاو ئەولایان ماچ دەکرد، بەڵێ دوو رۆژبوو شنۆ شوی کردبوو بەکوڕە خزمێکی خۆیان جاوەکو نەریتێکی گشتی کۆمەڵگا شیرینی بەخشرایەوە و شیلانیش یەکێك بوو لەوانە کە پیرۆزبایی لەشنۆ کرد، رۆژگار رووداوو شتی سەیرو سەمەرەی لێدەکەوێتەوە ئەوەتا تەنها دومانگ بەسەر شوکردنی شنۆدا تێپەری نەکردبوو هەواڵی جیابونەوەی شنۆو دەستگیرانەکەی بەنێو فەرمانگەکەدا بلاّو بووەوە هەریەك لەلای خۆیەوە باسی لەهۆکاری جیا بوونەوەکەیان دەکرد، یەکێك دەیوت کوڕەکە دڵی پیس بووە، یەکێکیی تریش دەیوت زۆر بەڵێنی پێدابوو هیچی نەبردەسەر، بەلاّم راستیەکەی ئەوە بوو کوڕەکە لەوماوەیەدا جوان شنۆی ناسیی بوو بۆیە لەهەڵسوکەوتی رازی نەبوو هەربۆیە بەرلەوەی بیگوێزێتەوە بڕیاری جیابونەوەی دابوو.

تەڵلاّق دانی شنۆ لەوماوەکورتەدا خۆشیەکی زۆری خستە دڵی شیلانەوە لەبەر ئەوەنا کەتەڵلاّق دراوە بەڵکو لەبەر ئەوەی کەهەر ئەم کچەبوو پلانی دارشت و بەزمانە لوسەکانی لەخشتەی بردو پەشیمانی کردەوە لەوبڕیارەی دابوی بەوەی لەگەڵ شەماڵدا ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت، شیلان تێگەیشت ئەوەی بەسەر شنۆداهات تۆڵەکردنەوەیەکە بەرامبەر ئەوپلانەی کەدایرشتبوو نەی هێشت خۆی و شەماڵ بەیەك بگەن، بەڵێ ئەمە ئەو تۆڵەیەیە کە خوا لەشنۆی کردەوە، بەلاّم چ تۆڵەیەك! ئەوە هەق بە هەق بوو تۆڵە بەوێنەبوو، شنۆ لەبەر حەزێکی سەر شێتانەی خۆی نەی هێشت شیلان و شەماڵ پلانی خۆیان بۆ بەهاوسەر بوون بەرنە سەر، کەچی بەویستی خوا ئەو هەقە لەشنۆ کرایەوە بەوەی تەنها دوای دوومانگ لەشوکردنی لەژیانی دەستگیرانێتیدا تەڵلاّق دراو کەوتە نێو ئەوچاڵەوە کەخۆی بۆ هاورێکەی هەڵکەندبوو، جگەلەوەش هەموو خەفەتێکی گەورەی توشی خۆی کرد.

سلێمانی